# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 15 – 16

INTERNATIONAL FEDRATION OF IRAQ REFUGEES www.federasion.org

هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقیە

24 شوباتی 2008

## ڕێکەوتنی گەڕانەوەی بەزۆری 400 پەنابەر، یا دەیان هەزار ؟

بەشی یەکەم ڕێبوار عارف

هەفتەی ڕابردو وەزارەتی دەرەوەی عیراق لەگەڵ نووێنەرانی وەزراتی کۆچی سوید ڕێکەوتن نامەیەکیان پەسەندکرد لە پەیوەند بە گەڕانەوەی بەزۆری پەنابەران کە وەک هەنگاوی یەکەم باس لەگەڕانەوەی زیاتر لە**400** پەنابەری عیراقی دەکات. بەلام ئەوەی کە بۆ ئێمەو هەزاران پەنابەریتر جێگەی تیاڕامان وپرسیارە ئەوەیە کە ئایا بەڕاستی مەسەلەکە تەنیا گەڕانەوەی ئەو **400** کەسەیە یا دەبێ لەو **11** هەزار پەنابەرەی کەبڕیارە مەلەفەکانیان تاوتووێ بکرێ ئاخۆ ئەم ڕێژەیە بەچ ڕادەیەک هەڵدەکشێت وسەرئەنجام ئەم ڕێکەوتنامەیە بەرۆک بەچەند هەزار پەنابەری تردەگرێت لە سویدا کە بەزۆرو دوور لەهەر ئارەزویەکی خۆیان ڕاپێچی عیراق بکرێنەوە ؟ ئاشکرایە کە پاش **5** سال تیپەڕبوون بەسەر لەگۆڕنانی بەعس و دەسەلاتی حکومەتی عیراق، ئەمە بۆ یەکەم جارە بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ حکومەتی مەرکزی عیراق پێشوازی لە گەڕانەوەی پەنابەران دەکات و لەم بارەشەوە دەچێتە پای واژۆکردنی ڕێکەوتنامەیەک لەگەل یەکێک لە ولاتانی ئەورووپا کە سویدە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە سوید دوابەدوای ڕووخانی بەعس زۆرترین ڕێژەی پەنابەری عیراقی ڕووی تێکردوە لەبەراورد بە ولاتانی تری ئەوروپا. بۆیە لەمبارەوە ئەم حالەتە جیاواز لەوەی کە ڕەچەشکاندێکە بۆ دەروازەکردنەوە لە ڕووی ولاتانی تریشدا هاوکات ئاسانکاریەک و ڕێخۆش کردنێکیشە بۆ درێژە پێدانی بەم سیاسەتە نەک تەنیا لە نێوان حکومەتی عیراق ولاتانی ئەورپادا بەڵکو هیچ دەلێک نیە کەحوکمەتی عیراق دەرگا بە ڕووی هیچ ولاتێکی جیهاندا دابخات بۆ گەڕانەوەی پەنابەران بۆ عیراق. بۆ لایەرە 6 ( 3 )

## بڕیاری دیپۆرت کردنەوەی شەش پەنابەری کەم ئەندام بۆ کوردستان پڕاوپڕی ادعای پارێزراوبوونی مافەکانی مرۆڤە لە سوید





سەرنجی دەسەلاتێک بدەن کە لە ادعای پارێزراوبوونی مافەکانی مرۆڤدا پڕاوپڕ شانازی بەکارنامەی خۆیەوە دەکات. دەسەلاتێک کە لە نێوجەرگەی ولاتانی ئەورووپاشدا کەم تازۆر بەوە ناسراوەتەوە کە پارێزەی مافەکانی ئینسانەو لەمبارەوە لە بەراورد بە زۆرێک لەولاتانی تر لە ڕوالەتدا جێ پێیەکی مەحکەمتری هەیە. بەلام هەقیقەت ئەوەیە کە ناکرێ لێکدانەوەی دەسەلاتداران خۆیان بکرێتە پێوانەی پارێزراوبوون و نەبوونی مافەکانی مرۆڤ، بە ئەندازەی ئەوەی کە ئاخۆ ژنان ومندالان و خانەنیشینان وپەککەوتوان وکەم ئەندامان وچین وتویژەکانی خوارەوە بەکردەوە لەکام ماف وئازادی خۆیان بەهرەمەندن . هەر لەهەمان سونگەوە دەمانەوێت ڕایگەیەنین کە لە ژێر سایەی ئەم دەسەلاتە (( دیموکراسی وئینسان دۆست))ەدا هەرئێستە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانەی کە بەهۆی نائەمنی و شەڕو کوشتارو ستەم چەوسانەوەیان بەهۆی کیشە کۆمەلایەتی وئابوری وسیاسی و فەرهەنگیەکانەوە بەهۆی نەبوونی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکانیانەوە بەناچار ڕوویان کردەوتە هەندەران بەشێکیان لە سویدا دەژین، بەلام ئەمرۆ هەڕەشەی دیپۆرتکردنەوەو بێ بەشکردنیان لە مافە جیهانگەریەکانی ئینسان لێدەکرێت ! بۆ لاپەرە ( 3 )

### لە درێژەی کەمپەینی ڕێگرتن ە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئێرانی

### وەرنە مەیدان دژ بە ڕێکەنامەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران !

## دەبێت ڕێکەوتنامەی حکومەتی عیراق و سوید لەسەر دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران هەڵبووەشێتەوە !

سەرئەنجام پاش چەند دەورە دیدارو دانوساتی نووێنەرانی وەزارەتی کۆچی حکومەتی سویدو وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عیراق لە سەرەتای ئەم هەفتە ڕێکەوتنامەی بەزۆر دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانیان بۆ عیراق پەسەندکرد! بۆ لایەرە ( 2 )

## مافی مرۆڤی پەرلەمانی فنلاند پشتگیری لە کەمپەینی فیدراسیۆن دەکات !

## ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی فنلاند پیشگیری لە کەمپەینی فیدراسیۆن دەکەن !

## کەمپەینی ڕێگرتن بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئێرانی و سەرکەوتنێکی مەزن

### دەبێت دەست بەجێ لەشکرکێشی وداگیرکاری حکومەتی تورکیا کۆتای پێ بێت !

دوێنێ وەزیری کۆچی سوید ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق ودەسەلاتی سوید ڕێگەوتن لەسەر ئەوەی سوید بۆی هەیە ئەو عیراقیانەی داوای مافی پەنابەری دەکەن بەزۆر ڕەوانەی عێراق بکەنەوە لە هەلو مەرجێکدا کە داواکانیان ڕەدکراوەتەوە. هاوکات وەزیری کۆچ لە بەرامبەر بە ادعاکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە پەیوەند بەگەڕانەوەی (ئازادانەی پەنابەران) ڕایگەیاند کە: بەڕاشکاوی باس لە گەڕانەوەی بەزۆری ئەو پەنابەرانە کراوە کە لەمەرجی مافی پەنابەری بەهرەمەندنەبوون دووردەخرێنەوەو حکومەتی عیراق پێشوازی لەم ڕێکەتنە کردوە. گومانی تێدانیە ڕێکەوتنی دوو لایەنەی حکومەتی سوید وحکومەتی عیراق لە پەیوەند بە ناردنەوەی بە زۆری پەنابەران دەکرێت لە هەنگاوی یەکەمدا باس لە گەڕانەوەی **400** کەسە بکرێت، بەلام وەزیری کۆچی سوید بێشادنەوە ڕاشکاوانە خۆشیان دانی پێدا دەنین ودەلێن (( لە ئێستەدا ئەم بڕیارە زیاتر لە **400** پەنابەر دەگرێتەوە، بەلام بەدوای پیاچوونەوەی فایلەکانی ئەو **11** هەزار پەنابەرەی تردا ئەم ڕێژەیە زیاد دەکات )) . مەترسیەک کە لەپشت ئەم ڕێگەوتنامەوە بەدی دەکرێت تەنیا بەوەوە ڕاناوەستێتەوە کە سوید چەند هەزار پەنابەرێک بەزۆر دیپۆرتی عیراق بکاتەوە، بەڵکو بەکردەوە ئەمە سەرەتایەکی زۆر مەترسیدا دەبێت بۆ گەڕانەوەی بەزۆی دەیان هەزار پەنابەر لەولاتانی ئەورووپا بۆ عیراق، چونکە جیاواز لە هەر گوشارێک کەلەسەر ئەم ولاتانە هەبووە، بەهانەیەک کە تائێستە لەباری یاساییەوە ڕێگەی بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نەداوە ڕازای نەبوونی حکومەتی عیراق بووە لەبارەی پێشوازی کردن لە گەڕانەوەی پەنابەران !

هەمووومان ئاگاداری ئەوەین کە هەر دوا بەدوای ڕووخانی حکومەتی بەعس زۆرێک لە ولاتانی ئەورووپا دەست بەجێ کەوتنە هەڵەداوانی گەڕانەوەی پەنابەران، لەوانە حکومەتی ئەلمان،هولند، دانیمارک، نەرویج ...ولەم دوایانەشدا حکومەتی فنلاند. کە خالی هاوبەشی ڕێگریەکان دانان پیانانی ئاشکرای حکومەتی عیراق وپێشوازی کردنی لە گەڕانەوەی پەنابەران بوو، هەربۆیە لەهەموو حالەتەکاندا ڕووبەڕووی ئەوە دەبووینەوە کە کۆمەلیک ڕێگری تەکنیکی ماوەتەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو سیاسەتەیان، ئەمڕۆ کە بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا حکومەتی عیراق دەچێتە پای ڕێکەتنامەیەک لەگەڵ حکومەتی سویدا، ئەمە بە دڵنیای هەلقەی یەکەمی ریکەتنەکانی حکومەتی عیراق دەبێت لەگەل هەموو ولاتانی ترداو لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا ئەم سیاسەتە گشتگیر دەبێتەوەو شاهیدی چەندین ڕێکەوتنی تری بە زۆر ناردنەوەی پەنابەران دەبین. دیارە ئەمە ڕووداوێکی کۆتووپر بە ڕێکەوت نەبووە هەمووومان ئاگاداری ئەو زنجیرە کۆبوونەوە دیدارەانەی نووێنەرانی ( یوئین ) و دیدارە یەک لەدوای یەکەکانی نوێنەرانی ئەم ولاتانەین لەگەل حکومەتی هەرێم و ڕێکەوتنەکانی نیوان یوئین وسەرانی دەسەلاتداری حکومەتی هەرێم بەڵگەنەویستێکی ڕۆشنەو هیچ گۆمانێک لە یەک دەستی حکومەتی هەرێم وحکومەتی مەرکەزیدا نامێنێتەوە تەنیا ئەوە نەبێت کە لەباری یاسای ونیونەتەوەیەوە حکومەتی هەریم هیچ ماناو جێگەوڕێگەیەکی نیە بۆیە سەرئەنجام هەردەبێت ڕێکەوتنێکی لەم چەشنە لەئاست وەزارتی دەرەوەی حکومەتی عیراق وئەم حکومەتانەدا پەسەند بکریت . تەنیا ڕێگەیەک کە لە ئێتسەدا لەبەردەم دەیان هەزار پەنابەری کوردوعیراقیدایە یەکسختنی ڕیزەکانیان ودەنگهەڵبڕین وهاتنە مەیدانیان و پیکیهنانی لەمەپەرێکی فراوان و کاریگەرە کە بتوانیت ڕێگە بەم ڕێکەتنامانە بگرێت !

پەنابەران ئازادیخوازان

لەمبارەوە سەرباری بەگەرخستنی تەواوی توانای سیاسی و کۆمەلایەتی وڕیکخراوەی ومادی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی هاوکات دەبێت لەوەش دڵنیابین کە ئێمە تەنیا نین وهەرئێستە پۆلێکی فراوان لە حزب و ڕێکخراوە سیاسی وئینسان دۆست و ڕێکخراوە کریکاری وپەنابەریەکانی ئەم ولاتانە هەن کەبەتەواوی تواناوە دژ بەدیپۆرتکردنەوەی پەنابەران وهەرجۆرە ڕێکەوتنامەیەکی حکومەتی عیراق وئەم حکومەتانەن، بۆیە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بەتەواوی توانامانەوە بێنە مەیدان بۆ پاشەکشە پێکردن بە سیاسەتی دیپۆرتکردتنەوەی پەنابەران .

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

**2008 / 2 / 19**

لەنێو لیستی دوورودرێژی ئەم ئینسانانەدا ئێمە ناوی **6** ئینسانی کەمئەندامتان دەخەینە بەردەست، کەوەک چۆن شەڕو نائەمنی ونەبوونی وچەوسانەوە وسرۆشت بێ بەشیکردون لە ژیانیکی ئاسای تەندروستدارو عەرەبانەکانی ژێریان بووتە هاورێ و هاوکارو لە هەر ولات و ژنیگەو مالْ و خوێندنگاو شوێنی کاریکدا لێ یان جیانابنەوە دەبێت پێکەوە بژین و پێکەوە بمرن . بەهەمان شێوەش حکومەتی سویدیش بەمەشەوە ناوەستێت و دەیەوێت لەو ڕادەیە لە ژیانێکی ئامنتر لەم ولاتانەدا بێ بەشیان بکات وپاش ئەوەی کە وەلامی ڕەدکردنەوەی داخوازیەکانی مافی پەنابەریان پێ دەدرێتەوە ئیتر ئاسایە کە بەپێ ڕێکەوتنەکانی ئەم ڕۆژانەی نێوان هەردوو حکومەتی عیراق وسوید بیانخەنە لیستی ئەو کەسانەی کە دەبێت بە زووترین کات بیانگەڕێنەوە بۆ جەهەنمەی کە لێوەی هاتوون .

غفور جەلال مەحمود ، فەرهاد **صدیق** سەید جاف ، بیستوون هادی ئەحمەد، ڕێزان عبدلعزیز ، شوان عبدلله فتاح، دیدار حسین مام کاک ئەمانە ئەو کەسانەن کە دەکرێنە قوربانیانی ڕیزی پێشەوەی ڕێکەوتنامە تاسەرئێسقان نائینسانیەکەی نیوان حکومەتی سویدوعیراق وپاش چەندین سالْ مانەوەو ژیان بەسەربردن لەم ولاتەدا وەلامی ڕەدیان پێ دەدرێتەوەو ئێستە لەبەردەم مەترسی دیپۆرتکردنەوەدا . هەموو ئەمانە لە کاتێکدا کە هەندیک لەم پەنابەرانە لە کاتێکدا کە گەشتوونەتە سوید خۆیان توانیویانە کەم تازۆر بەپێ خۆیان برۆن، بەلام پاش سالْها چاوەڕوانی هیشتنەوەو بێ بەشکردنیان لە ماف وخزمەتگوزاریە تەندروستەیەکان وبیمەی دەرمان ونەخۆشی ئیتر گرفتەکانیان گەورەتر بووەتەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕووی فیزیکیشەوە لاوازترو بێ تواناتربوون و هەموو ئەم دۆخەش لەباری دەروونیەوە کاریگەریەکی لەرادە بەدەر گەورەی لە سەر ئەم ئینسانانە داناوە .

ئینسان دۆستان ئازادیخوازان

بیهێنەبەرچاوی خۆتان کەسانێک کە لە کۆمەلْگای ئەمڕۆی کوردستان و عیراقەوە بەهەرجۆرو هەر ڕێگەیەک بووبێت خۆیان گەیاندبیتە ئەم ولاتەو لێرەش پاش سالْهای سال لە چاوەڕوانی هێشتنەوەیان و بێبەشکردنیان لە زۆرێک لە ماف وبێمەو خزمەتگوزاریە تەندروستەیەکانیان، ئێستە وەلامی ڕدکردنەوەیان پێبدرێتەوە لە دووڕیانی ئەمڕۆ سبەی دیپۆرتکردنەوەدا ژیان بەسەربەرن ئاخۆ ئەم ئینسانانە هەست بەچ نامۆی ونائومێدیەک بکەن لەم ژیانەدا، ئاخۆ لەمبارەوە لەخۆمان پرسیوە کەدەبێ چ پەرچەکردارێکمان هەبێ لەبەرامبەر بەم ناعەدالەتی وبڕیارە نائینسانیەی حکومەتی سویدا ؟ هەربۆیە بەدەر لەهەر ڕادەیەک لەنیگەرانە بوونمان بەبیستنی ئەم هەوالە، کاتی ئەوە هاتووە کەدژ بەم ناعادەلەتی وبریارو ڕێکەوتنانە ڕاوەستینەوەو دژ بە هەرجۆرە بڕیاێکی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران بێنەمەیدان وخوازیاری بەهرەمەند کردنی ئەم پەنابەرانە بین لە مافی پەنابەری !

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید بەتەواوی توانای خۆیەوە لەسەنگەری پێشەوەی خەبات کردندایە بۆ بەدەستهینانی مافی پەنابەری بۆ ئەم پەنابەرانەو داوا لە هەموو حزب و ڕێکخراو کۆروکۆمەلێک دەکەین کەبۆ بەهێزکردنی ئەم سەنگەرەو بەهەمەندکردنی پەنابەران لەمافی پەنابەری دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەبرن و بە دیفاع لە مافەکانی پەنابەران بینەمەیدان !

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە سوید

## مافی مرۆڤی پەرلەمانی فنلاند پشتگیری لە کەمپەینی فیدراسیۆن دەکات !

رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 12 / 2 / 2008 رێبوار عارف بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند لەگەل بەرێز Ulf Emeleus لە پەرلەمانی فنلاند کۆبوونەوەیەکیان لەگەل گروپی مافی مرۆڤی پەرمانی فنلاند ئەنجامدا کە بەرێزان Ilkka Kantola بەرپرسی گروپی مافی مرۆڤ لە پەرلەمان هەروەها Sari Palm و ئەندامی هەمان گروپ و هاوکات بەریز بەشداریان کرد !

پاشان بۆ دەست پێکردنی باسەکە بەرێز Ulf Emeleusپێشەکیەکی لە بارەی بریاری دیپۆرتکردنەوەی سێ پەنابەری ئیرانی لایەن ئیدارەی کۆچەوە قسەوباسی کرد پاشان چاوگیرانیکی کردەوە بەنیو تەقەلاکانی ئائیستەی فیدراسیۆن سەبارەت بە راوەستانەوە دژ بەو بریارەو ئەنجامدانی کۆمەلێک چالاکی بەرچاو لەو بارەوە . دواتر سێ تەوەری سەرەکی لەلایەن رێبوار عارفەوە تاوتۆێ کرا کەتەوەرەکان بەم شێوە بوو: بارودۆخی سیاسی ئەمرۆی ئیران و نەبوونی ئازادی بیروڕادەبرین ، ئازادی مانگرتن وخۆپیشاندن ، ئازادی ریکخراوبوون و خۆپیشاندان هەمان کات هەر لەمبارەشەوە زیاتر لە 100 لاپەرە دۆکیومەنتی پیشکەش بە لیژنەکەکردو ئاماژەی بەوەدا کە هەر ئیستە زیاتر لە 5 هەلسورانی خۆپینکاران و ژمارەیەک لە رابەرانی کریکاری لە زیندانانکانی ئیراندا بەسەر دەبەن لەبەر ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێکردن ! تەوەری دووەم نیشاندانی ناتەباببوونیەکانی بریارەکانی ئیدارەی کۆچ لەگەل پرۆتۆکۆلی جنیفی 1951 هەروەها لەگەل یاساکانی مافی پەنابەری لە فنلاندو هاوکات لەبەرچاونەگرتنی باری ئاسایشی ئیران و هۆکارەکانی ئاوارەبوون....

پاشان بەریز ... بەرپرسی نیونەتەوەی پیشنیاری کرد بۆ بەشدار بە ئەندامانی مافی مرۆڤی پەرلەمان کە لەسەر رۆشنای ئەم زانیاریانەوە پێتشینیک کە فیدراسۆن لەوبارەوە ئامادەی کردوە نامەیەکی نارەزایەتی دەربرین روو بە ئیدارەی کۆچ ئاراستەکردیت و رەخنە لەو بۆچوون و لیکدانەوانە بگیریت کە لەسەر ئیران هەیانە چونکە دخی ئیران لە کەس شاراوەنیە کە بە چ رادەیەک نا ئەمنە ... هەروەها داوابکریت کە چاوبەو بریارەیاندا بگیرینەوە بریاری دیپۆرتکردنەوەی ئەو ئەسانە هەلسپریت .

پاشان بەرێز Ilkka Kantola سەرۆکی مافی مرۆڤ دووپاتی ئەوەی کردوە کە بەتەوای مانا پشتگیری لە داواکاریەکانتان دەکەین و خۆشحال دەبین بەوەی کە هەر زانیاریکتان لەبارەی رەوشتی مافی مرۆڤ لەناوچەکەدا هەبیت ئیمەی لێ ئاگاداربکەنەوە داواتر بەریز .... پێشنیاری ئەوەی کرد کە جیاواز لە ئیمزاکردنی ئەو پتشنەی فیدراسیۆن هاوکات نامەیەکی نارەزایەتی دەربرین بەناوی گروپی مافی مرۆڤی پەرلەمانەوە بنیرین بۆ ئیدارەی کۆچ و نارەزایەتی خۆمان سەبارەت بە بریارو لیکدانەوەکانیان دەبرین !

فیدراسۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند

2008 / 2 / 22

## کۆمەلێك لە پەرلەمانتارانی فنلاند دژ بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئێرانین

دوابەدوای سەردانی گروپی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی فنلاند ئەم بەریزانە پتشنێکی پیشنیاری فیدراسیۆنیان واژۆ کردوە کە پیکهاتوون لەم بەریزانە :

Ilkka Kantola ، Hautala Heidi
Kari Kärkkäinen ، Sari Palm،
Toimi Kankaannimei
Päivi Räsänen ، Tarja Tallgvist

هەروەها بەشێک لەو پیتشنەی کە ژمارەیەک لە ئەندامان پەرلەمانەکانی فنلاند واژویان کردوە بەم شیوەیە : ....ئاشکرایە کە گەلێک لە رێکخراوەی وەک ئەمنستی ئەنترناسیۆنال، رێکخراوەی چاودیری مافی مرۆڤ، یوئین ، پەرلەمانی ئەورووپا زانیاریان لەبارەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئیران بلاوکردوەتەوەو بەشێوەیەک کەبەشێک لەو راپۆرت و زانیاریانە گوزارشت لە اعدامی نزیک بە 300 کەس دەکەن تەنیا لەسالی رابردوداو تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لەمندالانی خوار 18 سال لە سێدارە دراون هەروەها ئازادی بیروڕا و ریکخستنی خۆپیشاندان قەدەغەیەوتەنانەت مخالفانی سیاسی کە رەخنەیان لە دەسەلات هەیە گیراون مەرگ و لەسێدارەدان هەرەشە لە چارەنووسیان دەکات ....

ئیدارەی کۆچ دەبێت بەخەمی ئەو بریارە بێت کە سەبارەت بەو پەنابەرە ئیرانیانە ... کە بەپێی یاسای مافی پەنابەری ژمارە 87 و 88 کە ئەم پەنابەرانە شاملی مافی پەنابەری دەبن ، هەروەها بەپێی لێداوانیکی رەسمی نوینەری پەرلەمانی ئەورووپا پشتگیری لە بەدەستهینانی مافی پەنابەری دەکات بۆ پەنابەری ئیرانی ... هەروەها بەپێ پرۆتۆکۆلی جنیفی 1951 ئەم پەنابەرانە لەمافی پەنابەری بەهرمەند دەبن ....

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەفنلاند

2008 / 2 / 21









## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە سوید

رۆژی 2/7 / 2008 باڵی راستی ناو حکومەتی سویدی پێشنیارێکی لەسەر پەنابەران خستە بەردەم پەرلەمان، کە ئاماژە بەوە دەکات هەر کەسێک دوای ئەوەی مافی پەنابەری وەرگرت لەم وولاتە ناتوانێت مەعامەلەی هێنانی منالەکانی بکات، هەتا چوار ساڵ کاری بەردەوام نەکات وخۆی کرێی خانووەکەی خۆی نەدات. لەمبارەوە کاوە کریم لە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە یوتێبۆری لە لێداونێکدا بۆ تەلەفزیونی ( ئیس تی فی ) کە یەکێک لە کەناڵە سەرەکیەکانی تەلفزیونی سوید ، باسی لە ئەگەر و پێشهاتەو ئاکامەکانی ئەم سیاسەتەی دژی ئینسانیەی کردو ووتی ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ تەواوی پەنابەران کە رۆژ بە رۆژ فشارەکانی لەسەر پەنابەران زۆرتر دەبیت، هەروەها ووتی بریارێکی لەم چەشنە دەبێتە هۆی لەبەریەک ترازان و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان و راگرتنیان لە چارەنووسێکی نادیاردا. پاشان مەحمود تاهر کە خۆی لەکاتی هێنانی منالەکانی بۆ سوید ئەم کێشەیەی بەرەوروو بووتەوە باسی لەکێشەکانی خۆی کرد لەوبارەوە وەک نموونەیەک لەو کەسانەی ئەم پیشنیارە بەرۆکیان پی دەگریت .

### کەمپەینی رێگرتن بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی ئێرانی و سەرکەوتنێکی مەزن !

دوابەدوای زنجیرەیەک کاروچالاکی وەک خۆپیشاندان و مانگرتن ودیداری لایەنە بەرپرسەکان وئیمزا کۆکردنەوەی زیاتر لە 1200 کەس ودیداری پەرلەمان و بەدەستهینانی پشتگیری چەند حزب ولایەن و پەرلەمانتاریک لە فنلاند بەمەبەستی هەڵسپاردنی بریاری دیپۆرتکردنەوەی بەرزان ناسری ، مهدی سەناتی ، محمد معماری . توانرا تا کاتی راگەیاندنی ئەم ئاگاداریە بریاری دیپۆرتکردنەوەی مهدی سناتی ومحمد معماری هەلبسپرین و ئازادبکرین. بەو مانایە لە ئیستەدا تەنیا بەرزان ناسری لەگرتوخانەدا ماوەتەوە !

تائیرە ئەم سەرکەوتنە بە هەموو ئازادیخوازان و هەموو ئەوکەس و لایەنانە پیرۆزبای دەڵێن کە هاوکاریان کردوین لەبەرەو پێشبردنی کەمپەینی داکۆکیکردن لەم پەنابەرانەو هاوکات بە هەموو لایەکی رادەگەیەنین کە فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراق لە فنلاند کەمپینەکەی خۆی دریژە پی دەدات تا هەلسپاردنی بریاری دیپۆرتکردنەوەی بەرزان و ئازادکردنی لەگرتووخانەوە !

فیدراسۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە فنلاند

## چالاکیەکانی فیدراسیۆن لە ئەلمان/ فیدراسیۆن لە خۆپیشاندانی دژی شەڕو میلیتاریستیدا بەشداری دەکات




لە رۆژی 8 تا 10 ی فێبریوەری ( شوبات ) دا هاوپەیمانی سەبازی ناسراو بە ( ناتۆ ) کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی لەشاری میونشن لە ئەلمان سازاد ن ئەم پێکهاتە سەربازیی و میلیتاریستیە کە مێژوویەکی رەشی هەیە لەکردەوەکانی جەنگ وشێواندنی ئاسایشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا، رۆژی شەممە رێکەوتی 9 فێبریوەر رووبەرووی خۆپیشاندانێکی مەزن بوونەوە لەشاری میوشین، ئەم خۆپیشاندانە کە لەلایەن دەیان رێکخراوەی سیاسی و جەماوەری پیشەی یەوە سازدرابوو بەشداربووانی لە زۆربەی شارەکانی ئەلمانیاوە ئامادەی بوون، نوێنەری فیدراسیۆن پەنابەرانی عیراقی بەمەبەستی ریسواکردنی سیاسەتی جەنگ و میلیتاریستی ئەمریکا لە عیراق بە نیشانانی پلاکارتێکی مەزن کە بەزمانی ئەڵمانی نووسرابوو ( جەنگ ومیلتارسیزمی ئەمریکا لە عیراق 1 ملیون کوژراو 4 ملیون ئاوارەودەبەردەری..! ؟؟..) بەشداری لە خۆپیشاندانی کەدا کرد، ئەم پلاکارتە لە نێو خۆپیشاندانەکە بووە جێگەی سەرنج وتیرامانی بەشێکی زۆری بەشدرابووان و رێبوارانی نێو شارو دەیان وێنەی لێگیرا .

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەلمان

2008 / 2 / 18



**لەدریژەی..ڕیکەوتنی گەڕانەوەی بەزۆری400 پەنابەر، یادەیان ...**

دەستوورکاری خۆیەوە کەواتە بەر لە هەرشتیک دەبیت خالی بەهیزو لەوەدا ببینینەوە کە وەک ڕیکخەری ئەم بزوتنەوە کۆمەلایەتیە پیبنیتەمەیدان کە هەرئیستا لەم کۆمەلگایانەدا هەست بوونیان دەکەین ولەگەل هەنگاو بەهەنگاوی کارەکانمادا لە تەنیشت و پەنا دەستی خۆمان دەیان بینینەوە، کە ڕەنگە یەک بەیەکی کەمپەین وخۆپیشاندانەکانی ئەم قۆناغەماندا شاهیدی دەورو جیگەو ڕیگەی ئەم بزوتنەوەیە بووبین کە چۆن زۆرترین ڕیژەی ڕیکخراوە پەنابەری و جەماوەریەکانی ئەم کۆمەلگایانە بەشیک بوون لەلایەنی بەهیزی هەلسورانی ئیمەو ئەوەی کە لیرەدا پیویستی بە دووپاکردنەوەیە دەرکەوتنی فیدراسیۆن بە عنوانی رابەرو ڕیکخەری ئەم بزوتنەوەیەو چەکدارکردنی بە پلاتفۆرمیکی دیاریکراوی عەمەلی هەمەلایەنە بەشیوەیەک کە دەیان ریکخراو لایەن لەژیر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوەو رابەری بکات.کە دیارە لەمبارەوە ئەگەر لەلایەکەوە ئەرکی ئیمە پیکهینانی تۆڕیکی گەورەو فراوانە لە نیوان حزب و ریکخراوە کریکاری و جەماوریەکانی ئەم کۆمەلگایانەدا، ئەوا هاوکات ئەرکیکی فەوری و سەرەکی ترمان پیکهینانی شەبەکەیەکی فراوانە لە نیو هەموو پەنابەراندا بە شیوەیەک کە جیاواز لەوەی کە دەورو جیگەو ریگەی بنکەو یەکەکانی فیدراسیۆن چیەو چۆن و هاوکات هەول بدەین بۆ پیکیهنانی چەندین تۆرو شەبەکەی فراوان لە شاروشارۆچکەکانی سویدا بۆئەوەی کەبتوانین لەئاستیکی سەرتاسەریدا کارو ئەولەیاتەکانی خۆمان هەماهەنگ بکەین و ڕیزیکی فراوان لە پەنابەرانیک کە خۆیان بەخاوەن هەلویست دەزانن لەبەرامبەر بە مەترسیەکانی ئەم سیاسەت و ڕیکەوتنامەی نیوان هەردوو حکومەتی سوید وعیراقدا بینە مەیدان بەشیوەیەکی ریکخراو سەرتاسەری وکارا. دیارە هەروەک چۆن لەسەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بەوەکرد کە مەسەلەی پەنابەری وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەم کۆمەلگایانەدا تەماشا دەکەین، بەهەمان شیوەش دەبیت باس لە میکانیزم و ریگەو ڕەوشتەکانی راوەستانەوەی ئەم بزوتنەوەیە لەو ئاستە کۆمەلایەتیەدا بکەین بەشیوەیەک کە بتوانیت شایستەی قەدو قامەتی ئەم بزوتنەوە کۆمەلایەتیە بیت، بەلام بۆ ئەوەی کە خۆمان لە دووبارەکردنەوە بپاریزین ئەوا چاکتر وایە لە بەشی دواتری ئەم باسەدا کە ئەرکە نیونەتەوەکانی فیدراسیۆنە لەبەرمبەر بە مەسەلەی دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقیدا قسەوباسییان لەسەر دەکەینەوە ! 22 / 2 / 2008 ماویەتی ....

**ڕیکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراقی لە نەرویج کۆبوونەوەیەکی گەورە ساز دەدات لە پەیوەند بە کیشەی پەنابەرانی ناسراو بە ( موفەکان ) !**

سەرلەئیوارەی ڕۆژی یەک شەممە 17 / 2 / 2008 بەسەرپەرشتی کامیل ئەحمەد سکرتیری ڕیکخراو لە هۆلی ئی کۆ ئیم ( مۆزەخانەو سەنتەری کلتوری جیهان ) لە ئۆسلۆ کۆبوونەوەیەکی گەورە بۆ پەنابەرانی کوردی عیراقی ناسراو بە موفەکان سازدرا کە زیاتر لە 80 کەس بەشداری بوون.
سەرەتای کۆبوونەوەکە کامیل ئەحمەد ویڕای تەئکیدکردنەوە لە وەزعی خراپ و نالەباری گورویی ناوبراو، پیی لەسەر ئەوەداگرتەوە کە ئەبی بی ئەملاولا مافی پەنابەریان پی بدری. هەروەها هاتەسەر ئەوەی کە هەروەک چۆن ڕیکخراوی پەنابەران هەول وتیکۆشانی بیووچانی داوە، بەردەوام ئەبی لەسەر هەولەکانی بۆ سەندنی مافە بۆ موفەکان .
باسی لەوەکرد کە لەو پیناوەشدا هەر ئیستا پەیوەندی بە وەزارەتی کارو لایەنە پەیوەندارەکانەوە کراوەتەوەو بەنامەیەکی چڕۆپری بۆ چەند ڕۆژی داهاتوو خستە دەستورەوەو بانگەوازی پەنابەرانی کرد کە لە دەوری ئەم نەخشەیە کۆببنەوە . هاوکاتیش داوای لە پەنابەران کرد کەکەیسەکانیان وهۆکاری ڕەفزکردنەوەکانیان بهینن بۆ ڕیکخراو تاکو کاری لەسەربکری .
دواتر پەنابەرانیش چەندین پیشنیارو قەسەوباسیان لەوبارەوە دەربڕی و زۆرەبەیان ڕایانگەیاند کە نەخشەو کارەکانی ڕیکخراویان پی پەسەندەو لەپیناوی ئەم کارانەدا ئامادەیی هەمووجۆرە جوولانەوەیەکن. شیروان ئیراهیم کە هەلسوڕاویکی چالاکی ڕیکخراوو سازدەریکی ئەو کۆبوونەوەیەبوو، دیسان تەئیکدی لە دەوری یەکگرتووی و خۆڕیکخراوکردن و یەک دەستی کردەوە ، ئەمەو دوای زیاتر لە کاتژمیرو نیویک کۆبوونەوەکە لە ناو شوروشەوقی ئامادە بوواندا کۆتایی پیهات وکامل ئەحمەد ڕایگەیاند کە ڕیکخرا وەک هەمیشە لە هەر کاروچالاکیەکی پەنابەران ئاگادار ئەکاتەوە .



**بەداوای لیبووردن لەهەموو خوینەرانی بەڕیزی هەفتەنامەی فیدراسیۆن ، بەداخەوە هەفتەی ڕابردو بەهۆی کۆمەلیك کیشەوگیروگرفتی فنیەوە نەمانتوانی لەکاتی خۆیدا هەفتەنامەی فیدراسیۆن بلاوبکەینەوە ین ، هەربۆیە ناچار ئەم هەفتەیە دوو ژمارەمان بەسەر یەکەوە دەرکرد !**
**هەروەها داوا لە هەموو ئەو بەڕیزانە دەکەین کە پیشتر ئیمەلیان بۆ ناردوین بۆ ئەوەی کە هەفتەنامەیان پی بکات ، ئەگەر بەئەرك نەبیت دووبارە ئیمەیلەکانیان بنیرنەوە بۆمان و هاوکات هەر دۆست و بەڕیزانیکی تریش خوازیاری بەدەست گەشتنی هەفتەنامەی فیدراسۆنن دەتونن بەهەمان شیوە ئیمەلەکەیان بنیرن بۆمان بۆ ئەوەی کە بەردەوام هەفتەنامەی فیدراسیۆنتان بە دەست بگەیەنین ! سەرنووسەر**

**لەدرێژەی ..ڕێکەوتنی گەڕانەوەی بەزۆری400 پەنابەر**

هەموومان ئاگاداری ئەوەبین لەم سالانەی ڕابردودا ولاتانی ئەوروپا بەگشتی هەولێکی زۆریاندا بۆ گەڕانەوەی پەنابەران بەلام تا ئەم قۆناغە حکومەتی عیراق بەهەر دەلیلێک بوویێت مەیلی ئاوەلاکردنی دەروازەکانی نەبووە بە ڕووی پەنابەراندا. بەلام ئەمرۆ ئیتر بەکارهێنانی کارتی پەنابەری دوو دەسکەوتی گەورەی هەیە بۆ ئەم حکومەتە مشەخۆرو گەندەڵە کە لەلایەکەوە ڕێکەوتنی لەم چەشنە دەکرێت وەک بەڕەسمیەت ناسینی ئەمنیەت وئاسایشی عیراق وتۆکمەکردنی (( پرۆسەی دیموکراسی ))و جیکەوتنی ئەم حکومەتە لەقەڵەم بدرێت. لەلایەکی تریشەوە ئەمرۆ مەسەلەی گەڕانەوەی پەنابەران بووتە فاکتەریکی ئابوری گەورەو سەرمایەکی خەیاڵی بە دەست حکومەتی عیراقەوە کە زۆرێک لە ئێمە ئاگاداری ئەوەین کەپێشتر یەک بەیەکی ولاتانی ئەوروپا ئامادەی خۆیان دەربریوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەر بە ڕێگرتن بە شەپۆلی ئاوارەبوون وگەڕانەوەی پەنابەرانێک کە هەرئێستە لەم ولاتانەدا بەسەردەبەن، سەدان ملیون دۆلار ببەخشنەگەڕ بەمەبەستی ((کردنەوەی پرۆژە)) بۆ چەرخاندنی هێزی کاری هەرزانی کریکاران وخەڵکی زەحمەتکێشی عیراق. چونکە لەلایەک حکومەتی عراق ولەلایەکی تریشەوە ئەم حکومەتانە بەئامانجی دیاری کراوی خۆیان دەیانەوێ بەو جۆرە هۆکارەکانی ئاواربوون ئاراستەکەن کە گوایە خەلکی عیراق بەهۆی کێشە ئابوورەیەکانی لەچەشنی بێکاری وهەژاریەوە ڕوو لەهەندەران دەکەن و ئەگەر بێتو ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن ئەوا چیتر شاهیدی دیاریدەیەک نابین بەناوی ئاوارەبوونی ملیۆینیەوە. کەواتە بەدڵنیایەوە ئەگەر بێتو ڕێکەوتنامەی نیوان حکومەتی عیراق وحکومەتی سوید بکەویتە پرۆسەی جێ بەجێکردنەوە، ئەوا بە زووترین کات ڕووبەڕووی چەندین ڕێکەوتنامەیتر دەبینەوە لە نێوان حکومەتی عیراق وولاتانی تری ئەوروپاو جیهاندا !

## ڕێکەوتننامەی گەڕانەوەی پەنابەرانی عیراقی و جیگەوڕێگەی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەلاتدارەکان .

کەباس لەگەڕانەوەی پەنابەرانی عیراقی دەکرێت، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەم ڕێکەتنامە پەنابەرانی کوردیش دەگرێتەوە ؟ ئەگەر وەلامی ئەم پرسیارە مسبەتە ئەی کەواتە جێگەڕێگەی حکومەتی هەرێم و حزبە دەسەلاتدارەکان چیەو بۆ ئەم ڕێکەوتنامەیە لەگەڵ ئەوانیشدا پەسەندنەکرا ؟ بۆ وەلامدانەوە بەبەشی یەکەمی پرسیارەکە ڕۆشنە کە تائێستە لەم ولاتانەدا ئەوەی کەقسەی لەسەربوو لە هەرشتێک زیاتر ئەگەری گەرانەوەی پەنابەرانی کوردزمان بوو بۆ بۆ (ناوچە ئاسایشەکانی باکوری عیراق) ئەگەر بەهەر دەلیک لە ئاستێکی گشتگیرو ڕەسمیدا ئەم کارە ئەنجام نەدرابیت، ئەوا ئیتر ئەم ڕێکەوتنە سەرتاسەری عیراق وەک کۆمەلگایەکی ئاسایش بەڕەسمی دەناسێت و قوربانیانی ڕیزی پێشەوەی ئەم ڕیکەوتنە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کوردە بێ هیچ ئەملاولایەک.ئەوەی کە ئەم ڕیکەوتنە لەگەل حکومەتی هەرێم تاوتۆی نەکرا تەنیا بەهۆی هەندیک ڕێگری یاسای لەچەشنی بەڕەسمیەت نەناسراوی دەسەلاتی لۆکاڵی ئەم هەرێمە لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بوو، ئەگینا خاڵی هابەشی دانیشتن و دیدارەکانی نووێنەرانی ئەم ولاتانە لەگەڵ حکومەتی هەریمدا بەهەمان شێوە باسکردن بووە لەکێشە ئابوریەکان پیداگرتن بۆ کردنەوەی پرۆژەی گەورەی ئابوری (( بۆ بەهرمەندکردنی گەنجان لەکار وبنیادنانی ژیان)). بەلام هەربەهەمان شێوە وەک ڕیکەوتنە نەوتیەکانی حکومەتی هەریم لەگەڵ ولاتانی تری جیهاندا دووچاری شکست و لێپرسینەوە دەبێت لەبەرامبەر بە حکومەتی مەرزیدا. هەربۆیە ئەمجارە ڕێکەوتنی حکومەت سوید لەگەل حکومەتی مەرکزی عیراقدا بوو کە ڕەنگە ئەمە لەهەنگاوی یەکەمدا فرسەتێک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵک بخولقینێت بەوەی کە ئەوە حکومەتی هەرێم نیە ئەو ڕێکەوتنامەی پەسەندکردوە، بەلام کاتێک کەحزب و دەسەلاتەکەی حکومەتی هەرێم لەپاڵ ئەم ڕێکەوتنامەیەدا چاوی خۆیانی لێدەنوقینن و بە ڕەسمی و غیرە ڕەسمی هیچ جۆرە نارەزایەتیەک دەرنابڕن، ئیتر تەمەنی ئەو فریووکاریە کورتەو ناتوانێت هیچ کەسێک قانع بکات بەوەی کە ئەم حزب و دەسەلاتەی هەرێم لە دەرەوەی بازنەی ئەم ڕێکەوتنامەیەدا و ئەوان لە بەرئەنجام و دەسکەوتەکانی بەهرمەند نابن. تەنیا ڕێگەیەک کە بتوانیت هەریەک لە ئیمە و هەموو خەلکی کوردستان قانع بکات ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی فرمی ڕایگەیەنیت کە ئەوان دژ بە گەڕانەوەی پەنابەران بۆ ناوچەکانی سنووری دەسەلاتی خۆیان بەهۆی کۆمەلیک گرفتی سیاسی و ئامنیەوە.ئەوکاتە لەرووی یاساییەوە گەرانەوەی هەرتەنیا پەنابەریک بۆ ناوچەکانی سنووری دەسەلاتی ئەم حزب وحکومەتە دەبیتە حالەتیکی نامکین ونایاسایی کە بەپێی پرۆتۆکۆلە نیونەتەوەیەکان بەدواچوون و لیپرسینەوەی زۆر لەسەر ئەم حالەتانە هەیەو هیچ ولاتیک ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی وەها حالەت و بەرپرسیایەتیەکی نیە.
ئێستە ئەگەر چاوگێڕانەوەیەکی خێرامان بەسەر ڕیکەوتنامەی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران و ئامانجەکانی هەردوو تەرفی ئەم ڕێکەوتنامەیەو جیگەو ڕێگەی حزب وحکومەتی هەرێم کردبیت، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کە ئایا دەمانەویت چی بکەین لەبەرامبەر بەم ڕێکەوتننامەدا .

## ئەرکە دەست بەجێکانی ڕاوەستانەوە دژ بە ڕێکەوتنامەی گەڕانەوەی پەنابەران !

هەربەو دەلیلەی کەوەک ئاماژەمان پێکرد مەسەلەی گەڕانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆعیراق مەسەلەیەکی لەقاڵب دراوی نێوان دوو حکومەت نیەو سەرئەنجام تەنیا قسەکردن نیە لەسەر چارەنووسی چەند سەد پەنابەریێک، بۆیە دەبیت بۆ وەلامدانەوە بەچیکردن و چۆنیەتی راوەستانەوە دژ بەم ڕێکەوتنامەیەی نیوان ئەم دوو حکومەت فراوانتر برۆین و هەر لەوێشەوە بتوانین ئەنجامگیریەکی ڕۆشنتر لەکارەکانی خۆمان بکەن. بەلام هەروەک چۆن ئەم ڕیکەوتنامە سەرەتای دەستپیکردنیکە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی دەیان هەزار ئینسانی تر بەهەمان شێوەش جێگەی خۆیەتی هەرلێرەدا وەک قۆناغی دەست بەکاربوون یەک دوو ئەرک و مەهامی سەرەکی دیاری بکەین و دواتر لەبەشێکی تری ئەم نووسینەدا کولیەتی جیهەتگیریەکانی خۆمان و بەتایبەت شێوازی کارو ئەولەویاتەکانمان لەئاستیکی گشتگیرترو نیونەتەوەیدا ڕوون بکەینەوە. بەرلەهەرشتێک دەبێت ئەوەمان بەلاوە رۆشن بێت کە مەسەلەی پەنابەری لەم ولاتانەدا وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بووتە مەسەلەیەکی سەرەکی نێو ئەحزاب ولایەن و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانیتر بەرادەیەک دەرگیرن لەگەلیداو هەڵوێست و لێکدانەوەو پەرچەکرداری جیاوازیان هەیە لە بەرامبەر بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەل مەسەلەی پەنابەریدا. هەروەک چۆن حزب لایەنە راست و راسیستەکان دەبینینەوە لەمەیدانی پەرپیدان و فراوانکردنەوەی سیاسەتی دژ پەنابەریدا، بەهەمان شێوە حزب ولایەن وکۆڕوکۆمەلی جیاوازی ڕادیکال وئینسان دۆست و ئازادیخوازیش دەبینینەوە لەسەنگەری داکۆکی کردن و ڕاوەستانەوەدا دژ بە سیاسەتەکانی ئەم حزب و حکومەتە دەسەلاتدارانەی کە ئەمرۆ بۆ گەڕانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عیراقدا کەوتوونەتە مامەلەو سات وسەودوە.
ئالێرەدا دەبینین کەئێمە باس لە دیاریدەیەک ناکەین کە تەنیا پەیوەندی بەخۆمانەوە هەبێت تا بمانەوێت لە چوارچێوەی سەندیکاو نقابەیەکی دیاریکراودا مامەلەی لەگەل ئەم کێشانەدا بکەین، بەڵکو فیدراسیۆنیش وەک بەشی ڕادیکال و ماکسیمالی ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتیە جێگەوڕیگەو ئەرک و مەهامێکی دیاریکراوی هەیە کەلەسەنگەری داکۆی کردن و خۆ بەخاوەن زانینی ئەم بزتنەوەوە پێ دەنیتە مەیدان وبەپشت بەستن بەهاوسەنگەرەکانی پێ دەنیتە مەیدانی کارو هەر نەخشەو پیلانیک دەخاتە دەستوورکاری خۆیەوە کەواتە... بۆ لاپەرە ( 5 )

# چالاکیەکانی فیدراسیۆن لەسوید

## کۆبوونەوەی گشتی پەنابەران

بەپێی راگەیاندنێک کەلەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە شاری یۆتۆبۆری بەدەستمان گەشتووە/ رۆژی هەینی ریکەوتی 22/ 2/ 2008 لەسەر بانگەوازی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەشاری یۆتۆبۆری کۆبونەوەیەکی گشتی بۆ پەنابەران ریکخرا کە زیاتر لە سێ کاتژمیری خایاندو لەم کۆبوونەوەدا ( ریبوار حسین ) بەرپرسی فیدراسیۆن لە یۆتۆبۆری لەسەر بارودۆخی پەنابەری بە تایبەت لە سوید قسەو باسی کرد بۆ بەشدار بووان و پاشان رۆشنتر قسەباسی کرد سەبارەت بەو بریاور رێگەوتنەی ئەم دوایانەی نیوان حکومەتی سویدو حکومەتی عیراق سەبارەت بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران .

لەم کۆبوونەوەدا قسەوباس لەسەر لایەنە جۆر بەجۆرەکانی ئەم بریارەو ئاکام مەترسیەکانی کراو پاشان بەشیوەیەکی گشتی ئامادە بووانی ئەم کۆبونەوەیە پاش بەشداریکردنیکی چالاکانە هەستان بە پیکهینانی دەستەیەکی هەشت کەسی وەک هەئیەتی سەرپەرشتی فیدراسیۆن بۆ بەدواچوون بەدوای کارەکانداو لەمبارەشەوە چەند کاریک خرایە دەستوورکاروە کە بەم شیوە بوو:

1– راگەیاندنی کەمپەینک دژ بە ناردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق .

2– پەیوەندی کردن بە حزب و لایەنەکانەوە بەمەبەستی بەدەستهینانی پشتگیریان .

3– لە ئایندەیەکی نزیکدا دیاری کردنی رۆژێک بۆ خۆپیشاندانیکی سەرتاسەری .

4– بانگهێشتی هەموو کۆمەلە کوردیەکان بۆبەشداری کردن لەم کەمپەینەدا .

5– نووسینی نامەی رەسمی بۆ هەردوو حکومەتی سویدو عیراق .

6– .....

هەروەها بریاردرا کە رۆژی یەک شەممەی داهاتوو کۆبوونەوەیەکی گشتی تر ببەستریت ...

**رێکخراوبوون ویەکگرتووی ریزەکانمان تەنیا رێگەی زەمانەتکردنی سەرکەوتن و بەدەستهینانی مافەکانمانە !**

# دەبێت دەست بەجێ لەشکرکێشی وداگیرکاری حکومەتی تورکیا کۆتای پێ بیت !

پاش چەند مانگ لە مانورلێدانی سیاسی و سەربازی و هێزکۆکردنەوە خۆنمایشکردن و هەرەشەو گورەشەکردن و چەندین جار تۆباران کردنی ناوچە سنووریەکان کوردستانی عیراق وکۆشتارو ئاوارەکردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی خەلکی ئەم ناوچانە، سەرئەنجام دەستدرێژیەکانی حکومەتی تورکیا بە بەهانەی بوونی هێزەکانی پەکەکە لە ناوچە سنووریەکانی کورستانی عیراقدا دووێنی چووە قوناغێکی ترو زیاتر لە دە هەزار سەبارز بەتۆپ وتانگ وجبەخانەیەکی گەورەوە لەهەنگاوی یەکەمدا بە پشتیوانەی حکومەتی ئەمەریکا بە درێژای دە کیلومەتر هاتنە ناو قولالی خاکی کوردستانی عیراقەوەو تاراگەیاندنی ئەم بلاوکراوەیە هێزە سەربازیەکانی تورکیا بەردەوامن لە درێژەپیێدانی لەشکرکێشیەکەیان بۆ ناو قولای خاکی کوردستان !

هەموو لایەک ئاگادارن کە ئەمە یەکەم جارنیە حکومەتی سەرکوتکەری تورکیا لەشکرکێشی دەکاتە سەر کوردستانی عیراق کە خالی هاوبەشی هەموو لەشکرکێشیەکانی بوونی هیزەکانی پەکەکە بوو لە ناوچەکەدا، ئەوەی لەشکرکێشی و هاتنە ناوەوەی ئەم جارەی حکومەتی تورکیا لە هەموو جارەکانیکە جیا دەکاتەوە زیاتر لە هەرشتێک بەجێمانی حکومەتی تورکیایە لە رووداو ئالگورەکانی ناوچەکەدا بەجۆرێک کە لەو هاوکێشەیەدا حکومەتی تورکیا پەراوێزکەوتووەتەوەو ئاشکرایە تائیستە بالانسی رووداوەکان لەبەرژەوەندی ئەم حکومەتەدا نیە. بۆیە لەم حالەتەدا لەشکرکێشی ئەم حکومەتە بۆ ناو قولای کوردستانی عیراق بەهانەی بوونی هێزەکانی پەکەکەوە لەگالەتەجاریەکی کۆمیدی زیاتر هیچی ترنیەو ئەمرۆ ئیتر ئەم لەشکرکێشیە بۆ هەموولایەک ئاشکرایە کە هیچ پەیوەندیەکی بە بوون و نەبوونی هێزەکانی پەکەکەوە نیەو بەپیچەوانەی ئیدعاکانی خۆیان بەردەوام بوون و درێژەپیدانی ئەم لەشکرکێشیە وانیشان نادات کە بەم زووانە پاشەکشەبکەن وبگەرێتەوە دواوە. بەلکو لەراستیدا ئەوەی لەهەموو شتێک زیاتر جێگەی مەترسی و نیگەرانیەکی گەورەیە مانەوەی هێزە سەبازەیەکانی تورکیاو بەردوام بوونی شەرو کوشتاور پەرەپێدانی شەپۆلی ئاوارەبونی خەلکی کورستانی عیراق و ئەگەری دووبارەبوونەوەی کورەویکیکەترە .

بۆیە چاوەڕان دەکریت لە هەموو تاک و حزب و لایەن و کۆرو کۆمەلیک کە هەلوسیتگرتنیان لەبەرامبەر ئەم دەستدرێژیانەی حکومەتی تورکیا لە ئاست گەورەی و مەترسیداربوونی ئاکامەکانی ئەم رووداوە بیت کەلەپال هەموو کوشت و کوشتارو مالویرانیکی خەلکی کوردستاندا جاریکی تر ئاوارەبوونی بەکومەلی خەلکی بەش مەینەتی ئەم ناوچەیە بووتە واقیتیکی تال و دەبیت بەرلەوەی کە رووبدات شیوازی هاتنەمەدان و هەلویستگیری هەموو لایەکمان بە جۆریک بیت کە نەک هەر رێگە بە رووداوی تراژیدیای لەو چۆرە بگریت بەلکو هەرچی زووتر حکومەتی تورکیا ناچار بکات بە پاشەکشەو کوتای هینان بەداگیرکاری و لەشکرکیشی وشەو کوشتارو ئاوارەکردنی خەلکی بێ دیفاعی کوردستانی عیراق .

هەربۆیە فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی سەرباری بەتوندی ئیدانەکردنی هەرجۆرە لەشکرکێشیەکی حکومەتی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستانی عیراق، هاوکات نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەرپرس دەزانین سەبارەت بە پاشەکشە پێکردنی دەست بەجێ هێزەکانی حکومەتی سەرکوتگەری تورکیا لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عیراقدا. هەرلێرەشەوە بانگەوازی هەموو حزب و رێکخراو یەکیەتیە کریکاری و رێکخراوە ئینسان دۆستەکان دەکەین کە بێ دەنگ نەبن لەبەرامبەر بەم رووداوانەداو بەتووندترین شێوە نارەزایەتی خۆیان دژ بە حکومەتی توریا دەبرن و خوازیاری دەست بەجێ چوونە دەرەوەی هێزەکانی تورکیا بن لە هەموو ناوچەکانی کردستانی عیراق .

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی

**24/ 2 / 2008**

ئاسۆ تیڤی میبەری داکۆکییە لەماف و داخوازیەکانی پەنابەران، ئاسۆ تی ڤی دەنگ و ڕەنگی بەرەی پیشکەوتووخوازی کۆمەلگایە لە پێناو کۆتایی هێنان بە دەردو میحنەتەکانی پەنابەریەتی تێدەکۆشیت، ئاسۆ تی ڤی هەولٚ دەدات لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی بەرنامەکانییەوە پشتیوانی وهاوکاری بۆ کێشەکانی پەنابەران ڕابکێشێت. ئاسۆ تی ڤی میبەری داکۆکی کردنە لە مافەکانی ژنان ومندالانی پەنابەران و تیدەکۆشێت بۆ تێکەل بوون بە دەستکەوتەکانی کۆمەلگای هاوجەرخ. ئاسۆ تی ڤی ئاسۆی پەنابەران وبزوتنەوەی پەنابەرییە. ئاسۆ تی ڤی دەنگی ئێوەیە هاوکاری و پشتیوانەی بکەن .

بەرنامەکانی ئاسۆ تی ڤیٚ ڕۆژانی

سیٚ شەممە 11,30 بۆ 12.00

14,30 بۆ 15.00 بەزمانی عەرەبی

17,00 بۆ 17,30 بەزمانی کوردی

ڕۆژانی چوار شەممە بەرنامەی دووبارە دەکریتەوە .

دەتوانن بەرنامەکانی لەسەر ئەم ئادرسە تەماشا بکەن :

**Satellite**
**Hotbird 8 :**
**Orbital Ppsition : 13 degrees Eas**
**Transponder : 14**
**Downlink Frequency : 11470**
**Downlink Polarity : Vertical**
**FEC : 5 / 6**
**Symbol Rate : 27, 500**

بۆ پەیوەندی کردن بە ئاسۆ تی ڤی یەوە بەم ژمارە تەلفون و ئیمەیلە بکەن
**00447895636633**

***Aso@tv yahoo.com***

## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

**دەشتی جەمال**
d.jamal@ntlworl.com
**جەمال کۆشش**:
jamal-hasan@hotmail.com
**بابان عسمان**
badasoz74@hotmail.com
**جاسم غفور**
jasm_rg@yahoo.couk
**عمر ئەمین**
omaramin8@hotmail.com
**ئاسۆ گۆران** :
asobalabarz116@hotmail.com
**سۆزان حسین**
irakco@hotmail.com
**ڕێبوار عارف**
fediraq@welho.com

---

**ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت**
**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK**

**هەفتەنامەی فیدرسیۆن، بخوێننەوەو بیگەیەنن بەدۆستان وئاشنایانی دەوروبەرتان، ڕاپۆرت و هەوالٚ و چالاکیەکانی خۆتانی بۆ بنێرن وپرسیارو پیشنیارەکانتان بخەنەوە ڕوو بەدلنیای لەبەرچاویان دەگرین و وەلامیان دەدەینەوە !**
**سەرنووسەری هەفتانەمەی فیدراسیۆن :**
**ڕێبوار عارف**
**ژمارە تەلەفۆن : 00358440464905**

## فۆرمی ئەندامیەتی فیدراسیۆن

**ناوی سیانی :**
**مێژووی لەدایك بوون :**
**ناوی شارو ولات :**
**ناونیشانی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستە :**
**ژمارەی تەلەفون :**
**ئیمەیل یان ژمارەی فاکس :**

**ئابوونەوەی ئەندامیەتی لە فیدراسیۆندا سالانە بڕی 20 ئیورۆیە ئەگەر کەسێك بەهۆی بەهرمەند نەبوونی لە بیمەی بێکاری یاگرفتی ئابوریەوە نەتوانێت ئابوونەوە بدات، ئەوا دەکرێت سکرتاریەتی فیدراسیۆن ئاگادار بکاتەوە تا لەدانی ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیۆن ببەخشرێت .**

**ئەتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیۆن بدەم ☑ ناتوانم ئابوونەوەی سالانەی فیدراسیۆن بدەم ☒**

**کات و شوێنی داواکردنی ئەندامیەتی فیدراسیۆن واژۆ**